لەمودوا لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی تەنها کار بە کارتی نیشتیمانی دەکرێت



بەڕێوەبەرایەتیی پاسپۆرتی سلێمانی ڕایگەیاند، لە سبەینێ (1ـی نیسانی 2024)، لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت تەنها کار بە کارتی نیشتیمانی دەکرێت.

پاسپۆرتی سلێمانی ڕایگەیاند، لە سەرەتای دەستپێکردنی سیستمی نوێی پاسپۆرتی ئەلکترۆنی، لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان تەنها کار بە کارتی نیشتیمانی کراوە بەجگە لە بەڵگەنامەی کارتی زانیاری و کارتی بانکی بە مەبەستی مامەڵەی پاسپۆرت.

ئاماژەی بۆشکرد، بەپێی ئەم بڕیارەش لەمودوا پێویستە لە سەرجەم نوسینگەکانی پاسپۆرتی سلێمانی کارتی نیشتیمانی بەکاربهێنرێت.

شایەنی باسە، دوێنێ شەممە، عەبدولـئەمیر شەمەری وەزیری ناوخۆی عێراق بە میدیا عێراقییەکانی ڕاگەیاند، لە 1ـی نیسانەوە تەنها کار بە کارتی نیشتیمانی دەکرێت و لە ئێستاشدا زیاتر لە 36 ملیۆن هاوڵاتی لە سەرانسەری عێراق، لە سیستەمی کارتی نیشتمانیدا تەمار کراون.